# ئەردۆگان و فرمێسکی دایکەکان

سیریل شتیگەر
و. لە ئەڵمانییەوە: هیوا ناسیح



لە تورکیادا مێردمناڵێکی زۆر لە زینداندان، لە بەرئەوەی بەردیان لە پۆلیسی ئەو وڵاتە گرتوە. هەرچەندەش کە ئەردۆگان رازی بوو بە هەمووارکردنی بەندی دەستور لە سەریان بەڵام هیچ شتێکی لێ نەگۆڕدرا.

لەوەتی سەربازەکانی ئیسرائیل هێرشیان کردۆتە سەر کەشتییەکانی یارمەتیدانی غەزە، رەجەب تەیب ئەردۆگانی سەرۆکوەزیرانی تورکیا لە لای دەستەڵاتدارانی سەر غەزە کە حەماسی ئیسلامین بوەتە قارەمان. ئەو هاووڵاتییە تورکانەش کە لەو هێرشەدا کوژرا بوون، تەنانەت لە تورکیاشدا وەک شەهید رێزیان لێنرا. ئەرۆگان، کە خۆشی رابردوویەکی ئیسلامیی هەیە،راشکاوانە وا هەست دەکات کە قسەکەر و نوێنەری برا هاوباوەرەکانییەتی لە فەلەستین، بگرە لە تەواوی خۆرهەڵاتی ناوەراستدا. ئەو چالاکانە بە زمانێکی زۆرزانانە و لوس سکاڵای ئەوە دەکات، کە هەمیشە و هێشتا دایکانی فەلەستینی دەبێت شیوەن بۆ رۆڵە کوژراوەکانیان بکەن، کە لە لایەن سەربازە ئیسرائیلییەکانەوە دەکوژرێن.
وەزیری دەرەوە ئەحمەد داود ئۆگلو ئیدیعای ئەوە دەکات، کە هێرشی سەربازانی ئیسرائیل بۆ سەر کەشتیە تورکییەکان بۆ تورکیا لەرووی دەروونییەوە رێک وا دادەنرێت و مانای ئەوەیە، کە هێرشی تیرۆریستانەی 11ی سێپتەمبەری 2001 لە ئەمریکا روویدا.

## فرە روویی

لێدوانە توندەکانی ئەردۆگان دژ بە ئیسرائیل و بەرێزەوە باسکردنی حەماس لە لایەن ئەووەوە، کارێکی کردوە، جارێکی تر رەخنەگرەکانی ناوبراو چاوەترسانە بێنەوە گوتن، ئەوانەی لە کاتی بەفەرمی وەرگرتنی پۆستەکەیدا پێش حەوت ساڵێک ترسی خۆیان بەرامبەری نیشاندا و دەربڕیت، کە ئەردۆگان (ئاجێندایەکی نهێنی) پەیرەو دەکات و دەیەوێت تورکیا بئیسلامێنێت. زمانە توند و زبرەکەی سەرۆکوەزیران بەم نزیکانە ئەوەی نیشانمان دا، کە سەرەرای سیاسەتی خۆنزیککردنەوە لە یەکێتی ئەورووپا و بەرنامەی چاکسازی ساڵی یەکەمی پارتە دەستەلات بەدەستەکەی، کەچی لە قوڵایی دڵییەوە ئەو هەر بە ئیسلامیی ماوەتەوە.
ئەرۆگان کەسێکە، بە ئەستەم دەخوێنرێتەوە، جۆرەها (روو)ی هەیە، بە هەر حاڵ تورکیا لە بنیادنانی دەوڵەتێکی ئاینییەوە لە نمونەی ئێرانی ئیسلامی جارێ زۆر دووره. ئەمە لە وەختێکدا، کە تا ئێستا ئەم سیاسەتێکی پراگماتیکی بەهێزی لەگەڵ وڵاتانی دراوسی ئیسلامییەکانیدا رێکخستوە. گەر تورکیا بیوەێت رۆڵێک لە ململانێکانی خۆرهەڵاتی ناڤیندا ببینێت، نابێت زۆر ریتمەکەی لە کینەبەرایەتکرنی ئیسرائیل و هەروەها وەستانەوە دژ بە توندکردنی سزاکان لەسەر ئێران بگۆڕێت.
لە تەعلیقێکی سەرنجراکێشی رۆژنامەی ئینگلیزی زمانی تورکی (دەیلی نیوز)دا، سەرنوسەرەکەی راشکاوانە پرسیار دەکات و دەنووسێت (من چۆن بتوانم شانازی بە حکومەتێکەوە بکەم، کە مناڵە فەلەستینییەکانی لا گرنگتر بێت لە ئەوانەی وڵاتەکەی خۆی؟ چۆن بتوانم شانازی بە حکومەتێکەوە بکەم،

که نەیتوانیوە هیچ بکات، بۆ ئازادکردنی ئەو منالآنەی لە زینداندان، بە تۆمەتی ئەوەی بەردیان لە پۆلیس گرتوە؟ ئایا ئەوانە بەهایان کەمترە لە منالە فەلەستینییەکان، کە وا بەردیان گرتۆتە سەربازانی ئیسرائیلی؟).

ئەو مەبەستی مێردمنالآنی کوردەکانە، کە لە شارە زۆرینە کوردنشینەکانی باشوری خۆرهەلآتی ئەو ولآتەدا و لە کۆبونەوە و خۆپیشاندانەکاندا دەسگیرکراون، هەندێکیشیان بە سزای زیندانیی ماوەی زۆر حوکم دراون. ئێستا دەبێت نزیکەی 5000 مێردمنال لە زینداندا بن.

## تەمبێکردنی کوردەکان

هەرچەندە ئەرۆگان گوتی، ئەو ئەو بەندی دەستورەی دژ بە تیرۆر دەگۆڕێت، کە ڕێگە دەدات منالآنی هەرزەکار (خوار 18 سال- و.) کاتێک بەرد بگرنە هێزەکانی حکومەت، وەک کەسی پێگەیشتوو (بالق) مامەلەی لەگەلدا دەکرێت. بەلآم لە راستیدا تا ئێستا هیچ شتێک نەگۆڕاوە. تەنانەت هەموارکردنێکی وا نەخراوەتە ئەو لیستەشەوە، کە لە بەرنامەدایە لە مانگی نۆ (سێپتەمبەر)دا راپرسی لەسەر بکرێت، دیارە بەو مەرجەی دادگای بالآی ئەو ولآتە تانەی لێنەدات.

وا ڕێک بۆ سالێک دەچێت لەمەوبەر، کاتێک ئەرۆگان بە هەمان هەناسەوە لە بارەی ئازار و ژانی دایکانی تورک و کوردەکانەوە دوا، کە دەیان سالە لە ململانێی نێوان کوردە جیاخوازەکان و سوپادا کوڕەکانیان لەدەست داوە. هەر چەند سالێک لەمەوپێش بوو، گەر کەسێک جەسارەتی قسەیەکی وای کردبا، بە ناپاک لە قەلەم دەدرا و دەخرایە گرتوخانەوە. لە پێش سالێکەوە ئەردۆگان بە بەردەوامی کەوتە دووپاتکردنەوەی (کرانەوەی کوردی)، کەوا پەیوەندی حکومەتی تورکی و کوردەکان لەسەر بنچینەیەکی نوێ دابڕێژێتەوە. کەچی ئەوەندەی نەبرد، کە وشەی (کورد) لابرا و لەجێگەی وی وشەی (دیموکراتی) دانرا. بە دەستاودەستکردن ناوەڕۆکەکەی کال کرایەوە. کارکردن بۆ بە سیاسیانە چارەسەرکردنی کێشەی کوردەکان لەم نێوانەدا بە کرداریی وەستا. تەمبێکردن زیادی کرد.

بەرە بەرە ئەردۆگان ناسیۆنالیستتر بوو، تاوای لێهات، لە مەسەلەی کورددا، بەردەوام جیاوازی لەگەل ئەوەی کەمالیستەکاندا کەمتر دەبێتەوە، کە بەناوی (کرانەوەی دیموکراتی) هەر لەسەرەتاوە بانگەشەیان بۆ کرد بوو.

لە تورکیادا دەکرێت بە فرمێسکی دایکانی فەلەستینی دەنگی خەلک زیاتر کۆبکرێتەوە لە فرمێسکی دایکانی کورد.

**<u>تێبینی و سەرچاوە:</u>**

ئەم وتارە لە رۆژنامەی نۆیە تسویرخە تسایتونگ (NZZ) ی سویسری رۆژی 10ی یونی 2010 دا بلآوکراوەتەوە.

http://www.nzz.ch/nachrichten/startseite/recep_tayyip_erdogan_und_die_traenen_der_muetter_1.6018478.html